# وەك هەڵەبجە

هەباس بۆسكانی



وەك هەڵەبجە تەنهاییم ئەنوێنم،

وەك ئەو ئەبمە پرسیارێكی هەڵواسراو

بە خەندەیەكی پێكراو،

ئەو رۆژەی بە سەتووەتی ئامێر ئاسمانی منیان كردە بۆنی سێو،
ئەو كاتە لە شارێكی نزیك میحنەتەوە قافڵەی پاسەكانی ئەشكم ئەدی،
زنجیرەی چاوانی بچوكم ئەدین، هاواریان ئەكرد:
-"ئەها چیمان لێدەكەن؟
ئەها لە كەنارەكانی فرمێسكەوە بەرەو چ سەحرایەكی رۆحمان دەبەن؟"

لەو رۆژانەوە بەبێئەوەی بزانم بۆ،
چیرۆكی لاوانەوەیەك لە ناخما تروسكا
جوجەڵەی رقێك هەموو نەورۆزێ دێ و
دەنوك لە یادی ئەو چاوانە دەگرێ و
دڵیش "نالی" وتەنی
ئەبێتە ئاو.

لە "مارت"دا ئازار،
لە خەڵوەتی مەولاناوە بۆ ئەفسانەی ئەم گازە
لە هەورامانی "گۆران" ەوە بۆ ئەم چیا هەزار بەهەزاری ئاسنە،
لە بزەی "ئەحمەد مختارەوە" بۆ ئەم خەرابستانە...

بژەنە وەك ئازارەكانت هەڵەبجە،
وەك خولیا هەڵپڕوزاوەكانت ئەم جەمعی ئاشقانە شتێ لێبكە،
تۆ بڵێی ئەمە كۆتایی شیعر و سیاچەمانە بێ!
تۆ بڵێی خوێنی ئەم زمانە كوردیە هەنگوینە ئەوەنەی لەبەر رۆشتبی
هەتا هەناسە پروزەكانیشی بوبێتە بێدەنگییەكانی درەخت؟
تۆ بڵێی ئەم ئیشقە لێرەیا ئەخیر نوزەی خەندە بێ،
تۆ بڵێی ئەم ووشەی "شەهید" ە ئەخیر خەندەی بێ
بە تەوێڵی نورانی ئەم شارەوە؟ تۆ بڵێی...

هەتا ئەو كاتەی ئارامبونەوە لە سوتانی جگەرەكانا نامێنن،
هەتا ئەو ساتەی
ئاوازی خەمە مەنفاییەكانی نیشتیمان
ئەبنەوە گۆرانیەكانی گولاڵەسوورە
ئەم ئەشقە هەر سوورە،
یار سوورە و سەدا سوورە
لەشكری خەم پەیامی پێنەبوو
خورپەی پێ بوو
بینایی هەر سوور بوو دونیا سوور و
شیعر سوور...

ئەو رۆژەی "مارت"
ئەو رۆژەی لە ئازارا ببومە سەنتور
ئەو رۆژەی لە دامێن ئەو شاخە ماڵانوێرانەیا ئەمقیژان
ئەو رۆژەی ئەو دەشتودەرە پڕببو لە چرای شكاو
من لەم هەگبە تازەیەی گرین چم كردبا؟

خەم خەم بوو، میهرەبانییەكی سەیری هەبوو
گوڵە خەردەلی دابوو لە سەری و

چاوی منالاّنی کردبووە گەردانە...

بژەنە وەك خولیاکانت ئەی هەڵەبجە
بمکەرەوە منالّەکەی دوێنێ ,
مستێ لە بەردی تووڕەییتم بەرێ
منیش دێمە ریزی ئەو منالّە لاسارانەی
کە زۆر زوو گەورە بوون
ئەو منالاّنەی نازانن جوّلانێ چییە
ئەو منالاّنەی خەریکی دیلانێی سیاسەت و چاوپێکەوتنە رۆژنامەییەکانن...

لە "مارت" دا شتێك ئەدوّزینەوە وەك "کورد"
خەمبار وەك ئەو
دلّشکاو وەك خەونەکانی

لە "مارت" دا
سەرابەکان لێمان دەبێتە رووبار
ئەشکەکان دەبنەوە شەونمی لا ملی درەختێك
خەندەکان وەك کانیاوەکان لەرزیان لێدێ
لە "مارت" دا
جەمعی ئاشقان بەرەو سێوسێنان دەبنەوە
قەرەداغ ئەبێتەوە مەنزلّگای شێخانی شاعیر
هەڵەبجەش خورتێکی دلّگەرم
بە دووای چیرۆکی ئەشقیا سەرگەردان،
ئاسمان لە باوەشێتی و
ئاسوّ لە "بینایی"دا.

تێبینی: ئەم شیعرە لە یادی ئەنفال و هەڵەبجە، کە ناوەندی رۆشنبیری کورد/ئوستralیا ریکیخستبوو پێشکەشکراوە.